


### کچە بێژەری کەناڵی ڕۆتانا وەفا ئەلکەیلانی بۆ گوڵان:

# کورد خاوەن شارستانییەتێکی کۆنە کە فەرهەنگ و بەها و سەنگی خۆی هەیە



■ وەفـا ئەلکەیلانـی یەکێکە لە ناوە دیارەکانی نێـو راگەیاندنکارانی عەرەبی کە بە شـێوازێکی تایبەت بەرنامەکانی پێشـکەش دەکات و، هەر بەرنامەیەکی پێشکەش کردبێت سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە و شوێن پەنجەی خۆی تێدا جێهێشتووە لە کەناڵی ئەی ئار تی دەستیپێکرد و ئێستاش لە کەناڵی رۆتانا گیرساوەتەوە، چونکە ئەو تەنیا بە پرسـیاری کلاسیکی و ئاسایی ناوەستێت بەڵکو هەوڵ دەدات بچێتە نێو ناخی میوانەکانییـەوەو هەرچی زانیاری و نهێنی وردی ژیانی تایبەتییان هەیە بە ئاشـکرا باسیان دەکات ئەمەش رەنگە گرفتی بۆ دروستکردبێت و زۆر جار بە پرسیارە رەقەکانی پەسـت و دڵگران دەبن و وەك خۆی دەڵێ: هەر لە سـەرەتای دەسـتپێکردنمەوە گوتنی راسـتییەکان وەك خۆی یەکێك بووە لە ئامانجەکانم لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ میوانەکان و تەنانەت لەگەڵ خۆیشـم، چونکە من حەز لە شـتی رووکەش کراو ناکەم و دەمەوێ هەموو شتەکان وەك خۆیان بێ رازاندنەوە بە بینەرانم رابگەیەنم، من پێموایە هەر مرۆڤێك کـە لەدایك دەبێت هەندێك تایبەتمەندیی هەیـە لەوانەیە ئەمانەش تایبەتمەندی ژیان و سروشـتی من بن کە لە ژینگەی خۆم فێریان بووم، رەنگە ئەو جورئەت و راستگۆییەی ئەو هەیەتی لە بێژەری رۆژهەڵاتی و عەرەبیدا نەبینرێن، ئەو زوو هەسـتی بە سەختی کارەکەی کردووە سەرەڕای ئەوەش نەترساوە، وەفا ئەلکەیلانی دەرچووی بەشی سیاسەتە، بەڵام هەرگیز حەزی لە کاری سیاسی و گفتوگۆ کردن لەگەڵ سیاسەتمەداران نەکردووە، بەڵکـو زیاتر لە بەرنامە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانەوە نزیکە، وەفا ئەلکەیلانی میوانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵانە و زۆر بە دڵفراوانییەوە ئامادەبوو وەڵامی پرسـیارەکانی گۆڤاری گوڵان بداتەوە.■

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**



••• مۆسیقا و جلوبەرگی کۆنی کوردی زۆر سەرنجی راکێشاوم، سەمای فۆلکلۆری کوردی زۆر لە دەبکەی سوریا و لوبنان نزیکە •••

*** باسی ژیانی خۆتمان بۆ بکە لە کوێ لە دایک بوویت؟ ژیانی منداڵیت چۆن بوو؟**

- باوکم لە لیبیا کاری دەکرد منیش لە لیبیا لەدایک بووم، دایك و باوکم منیان بە ناز پەروەردە کرد و بە هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆیان ژیانیان پڕ خۆشەویستی کردم، ژیانی منداڵیشم زۆر ئاسایی بوو، وەك هەموو منداڵێك لە قوتابخانە و یاری کردن بەسەرم بردووە.

*** باشە چۆن هاتوویتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن؟**

- بە ڕێکەوت بوو، من لە بواری سیاسەت و ئابووریم خوێندووە و پسپۆڕی یاسام، لە هەمان کاتدا زۆریش ئارەزووی بواری ڕاگەیاندنم هەبوو بەتایبەتی لە بواری نووسین و هەموو ئاواتیشم ئەوە بوو لە گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکدا بنووسم، ئەو کات زۆر گرنگیم بە بواری تەلەفزیۆن نەدەدا، بەڵام هەندێك کەسوکار ودۆستەکانم هەستیان بەوە کرد کە من خاوەن کەسایەتی و شێوازێکی تایبەتم لە قسە کردن بۆیە هانیاندام بۆ ئەوەی ڕوو لەو بوارە بکەم، کە سەرەتایەکەی ئاسایی بوو، بەڵام کۆتاییەکەی زۆر گەرم بوو و توانیم تێیدا سەربکەوم .

••• لەبەر ئەوەی من میسریم زۆر جار لە میسر داوام لێکراوە بەشداری لەکاری هونەریدا بکەم •••

*** لە بەرنامەی ( فیها ایە) زۆر شتی سەیر و سەمەرەت دەهێنایە ناو ستۆدیۆ ئایا ئەمە هیچ گرفتی بۆ تۆ دروست نەکرد؟**

- بەڵێ گرفتی زۆری بۆ دروست کردم، لەو ئەڵقەیەی کە ئەمەل حیجازیم داوەت کردبوو، سەگێك بەدوام کەوت خەریك بوو بم گەزیە، لە کۆتاییدا خوا ڕزگاری کردم، بەڵام لەو ئەڵقەیەی کە مایا نەسریم داوەت کردبوو مەیموونێکمان هێنا بوو کە ناوی (نەسناس) بوو گەزەیەکی لێدام و ناچاری کردم چەند دەرزییەکی دژە گەزە لە خۆم بدەم، باوەڕ بکە خەریك بوو تیای بچم .

*** چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان بەرنامەی ( فیها ایە و ضد التیار) ؟**

- لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ بەرنامەی (فیها ایە) بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوانیان، بەرنامەی (ضد التیار) شوێن پەنجەی منی پێوە دیارە، من دەچمە ناو ناخی میوانەکەم نەك تەنیا ڕوحی و تەنیا تایبەت نییە بە هونەرمەندانەوە ئەمەش وایکردووە کە گفتوگۆکە تام و چێژێکی زیاتری هەبێت لەگەڵ خاوەن هزر و داهێنەرەکان لە زۆر بواری جیادا، هەروەها کێشەیەك باس دەکەین کە بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی بێت جا لە چ وڵات و نەتەوە و ئایینێك بێت، واتە (ضد التیار) گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە ژیان و کاری من وەك بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامە .

*** چۆن میوانەکانت هەڵدەبژێری و ئەم هەموو زانیارییەت چۆن دەست دەکەوێت؟**

- بەرنامەکە خۆی ئەو کەسایەتییە دیاری دەکات کە بە دەرکەوتنیان خزمەت بە بەرنامەکە دەکەن، واتە جۆری بەرنامەکەیە جۆر و کەسایەتی میوانەکە دیاری دەکات، سەبارەت بە زانیارییەکانیش ئەوا ئەرشیفێکی ڕۆژنامەوانی دەوڵەمەندمان هەیە، لە هەمان کاتدا تیمێکی هەواڵگری چالاك هەیە، بۆ تۆ پێت وایە هەواڵگری و زانیاری تەنیا لە سیاسەتدا هەیە؟ نەخێر لەبواری دیکەشدا بە هەمان شێوەیە.

*** تۆ خاوەن جورئەتێکی زیاد لە پێویستی لە پرسیار کردندا ئەمە هیچ گرفتی بۆ دروست نەکردی ؟**

- زۆر جار لەگەڵ میوانەکانمدا تووشی گیروگرفت بووم، بەڵام من هەر سوورم لەسەر ئەو جورئەتە، چونکە ئەمە بەشێکە لە کەسایەتی من، هەروەها زۆر ڕێز لە بیروڕای ئەو کەسە دەگرم کە سەیرم دەکات و سووکایەتیش بە بینەر ناکەم، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان ڕێز گرتن و سووکایەتی پێکردن.

*** ئایا وروژاندن و توڕە کردنی ناودارەکان پیشەی تۆیە؟**



- نەخێر پیشەی من زۆر لەمە قوڵترە.

*** ناخۆشترین ئەڵقەی هەردوو بەرنامەی ( فیها ایە و ضد التیار) لەگەڵ کێ بوون؟**

- حەز دەکەم بڵێی پڕماندووترین ئەڵقە لەگەڵ کێ بوو نەك ناخۆشترین ئەڵقە، لە فیها ایە کەس ماندووی نەکردم، لە ضد التیار یەکەم ئەڵقە کە لەگەڵ ئافرەتێك بوو بەناوی مریەم نور بە راستی شایەنی نازناوی بەرنامەکە بوو، چونکە زۆر ماندووی کردم وراستگۆیی منی قبوڵ نەکرد، هەروەها بەرنامەکەش راستەوخۆ نەبوو بەشێوەیەکی تۆمار کراو بوو بۆیە ئەو وەك مەقەسی لێهاتبوو و بە ویستی خۆی مۆنتاژی دەبڕی، تەنیا ئەمە ناخۆشترین ئەڵقە بوو بۆ من .

*** بەر لە دەستپێکردنی بەرنامەکە میوانەکان هێڵی سوورت بۆ دانانێن؟**

- نەخێر بەر لە بەرنامە دایانانێن، بەڵام لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامە دایدەنێن ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی بەرنامە تۆمار کراوەکان.

*** ئەگەر هێڵی سووریان دانا تۆ جورئەتی ئەوە دەکەی ئەم هێڵانە ببەزێنی ؟**

- ئەگەر بەڵێنم بە هەر میوانێك دا کە من پابەند دەبم بە باس نەکردنی بابەتێکی دیاریکراو، لەوانەیە ئەمە بێزار و تووڕەی بکات و بۆ کەسایەتی ئەو باش گونجاو نەبێت، بۆیە من پابەند دەبم بە بەڵێنەکە و زۆر جاریش تووشی حاڵەتی لەم جۆرە بوومەتەوە.

*** تا ئێستا داوات لێنەکراوە بەشداری لە کاری هونەری نواندندا بکەیت؟**

- لەبەر ئەوەی من میسریم زۆر جار لە میسر داوام لێکراوە بەشداری لەکاری هونەریدا بکەم و، زۆر لە بەرهەمهێنەر ودەرهێنەری میسری کاری جۆراوجۆریان پێشکەش بە من کردووە، دوا کاریش کە پێشکەشم کرابێت لە لایەن بەرهەمهێنەرێکی لوبنانی بوو لە مانگی رەمەزان، بەڵام زۆر دڵخۆشم لە کاری راگەیاندن و من پێموایە ئەم کارە پەیامێکە شایەنی ئەوەیە کاتی خۆیی بۆ تەرخان بکەم.

*** نیشانەکانی بێژەری سەرکەوتوو چین؟**

- بەهرەی دەرکەوتن واتە هاتنە پێش چاو کە ئەمەش لە لایەن خواوەیە، هەروەها دەنگ، رۆشنبیری، خێرا وەرگرتن و ئاگادار بوون.

*** دەربارەی گەلی کورد چی دەزانی؟**

- گەلی کورد خاوەن شارستانییەتێکی کۆنە کە فەرهەنگ و بەها و سەنگی خۆی هەیە .

*** ئایا سەیری هیچ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەیت؟**

- بێگومان سەیریان دەکەم و مۆسیقای کوردی و جلوبەرگی کۆنی کوردی زۆر سەرنجی راکێشاوم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە سەمای فۆلکلۆری کوردی زۆر لە دەبکەی سوریا و لوبنان نزیکە.

*** بەڕای تۆ بێژەری کوردی چۆن دەتوانێ لە کاری خۆیدا زیاتر سەرکەوتوو بێت و بگاتە ئاستێکی جیهانی لە بواری راگەیاندن ؟**

- خۆ ماندوو کردن هەموومان دەگەیەنێتە سەرکەوتن (واتە هەر بێژەرێك خۆی ماندوو بکات سەرکەوتوو دەبێت) .

*** وەفا ئەلکەیلانی تا ئێستا شاسواری خەونەکانی خۆی نەدۆزیوەتەوە ؟**

- من ئێستا و تا ماوەیەکی دیکەی کورت سەڵتم، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆری نەماوە دەچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە .

*** دوا وتەت چییە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان؟**

- زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە، هیوادارم توانیبێتم سەرنجی ئێوە رابکێشم و ببن بە بینەرانی بەرنامەکەم، لە خوا داواکارم ئێوە و وڵاتەکەتان بپارێزێت.

**●●● جورئەت بەشێکە لە کەسایەتی من و زۆر جار تووشی گرفتی کردووم ●●●**

**●●● من ئێستا و تا ماوەیەکی دیکەی کورت سەڵتم، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆری نەماوە دەچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە ●●●**